پشکنینی COVID-19

کەی دەبێت پشکنینی COVID-19 بکەم؟

- نیشانەکانی COVID-19 ت هەیە.
- لە مەترسییەکی بەرزتردایت بۆ توشبوون بە نەخۆشییەکی سەخت و لەم دواییەدا بەرکەوتەت لەگەڵ کەسێکی تووشبووی COVID-19 بووە.
- تۆ بەرکەوتەی ماڵەوەیت یان بەرکەوتنی مەترسی بەرز یان مامناوەندت هەبووە بە کەسێکی تووشبوو بە COVID-19.

کێ لەمەترسی زۆری توشبوون بە نەخۆشی سەختدایە؟

- ئەو کەسانەی تەمەنیان ٦٠ ساڵان و گەورەترن
- ژنانی دووگیان
- خەڵکی ڕەسەن (ئەبوریجینەڵ)، خەڵکی دوورگەکانی گەرووی تۆریس و دوورگەکانی زەریای پاسیفیك (لە تەمەنی ٣٥ ساڵانەوە و سەرووتر)
- ئەو کەسانەی کە قەڵەوی، شەکرە، نەخۆشی جددی دڵ و خوێنبەرەکان، نەخۆشی درێژخایەنی سییەکان (لەوانەش تەنگەنەفەسی سەخت کە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا پێویستی بە نەخۆشخانە هەبووە)، نەخۆشی درێژخایەنی سەختی جگەر یان گورچیلە، شێرپەنجەی چالاک یان بەرگەگری لەشیان لاوازە
- هەندێک کەس کە ناتوانایان هەیە لەوانەش ئەوانەی ناتوانایان هەیە و کاریگەری لەسەر سییەکان، دڵ یان سیستەمی بەرگەگری لەشیان دەبێت
- نیشتەجێیانی چاودێری بەساڵاچووان و دامەزراوەکانی چاودێری ناتوانایان
- ئەو کەسانەی تەمەنیان ١٨ ساڵان و گەورەترن کە نەکوتراون

چ پشکنینێکی COVID-19 دەبێت بکەم؟

دوو پشکنینی جیاواز هەن کە دەتوانیت بیانکەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا COVID-19 ت هەیە. **پشکنینی خێرای دژەتەن** (RAT) کە دەتوانیت خۆت بیکەیت و **پشکنینی** (سوابی لووت و قوڕگ) PCR کە لە کلینیکی پشکنین دەکرێت.

- **ئەگەر لەمەترسی زۆری تووشبوون بە نەخۆشی سەختدایت دەبێت پشکنینی PCR ئەنجام بدەیت.** ئەگەر ناتوانیت ئەنجامی پشکنینی PCR بە خێرایی بەدەست بهێنیت، پشکنینی خێرای دژەتەن بکە (ئەگەر یەکێکت هەبێت) لەو کاتەی چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی PCR دەکەیت.
- ئەگەر لەمەترسی زۆری تووشبوون بە نەخۆشی سەختدا **نیت**، پشکنینی خێرای دژەتەن بکە مەگەر پزیشکەکەت پێت بڵێت پشکنینی PCR بکە.



چی ئەبێت بکەم ئەگەر پشکنینم بۆ COVID-19 ئەرێنی دەرچوو؟

- ئەگەر ئەنجامی پشکنینی **PCR ئەرێنیت** هەبێت، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانیشت نەبێت، ئەوا COVID-19 ت هەیە. دەبێت ئامۆژگاریی بۆ ئەو کەسانەی کە پشکنینیان بۆ COVID-19 ئەرێنی دەبێت و لە ماڵەوە بە سەلامەتی COVID-19 بەڕێوەدەبەن بگریتەبەر.
- ئەگەر پشکنینی دژەتەنی خێرای ئەرێنییە هەیە **ئەنجامەکەت لە NSW Service تۆمار بکە** و ئامۆژگاریی بۆ ئەو کەسانەی کە پشکنینیان بۆ COVID-19 ئەرێنییە و لە ماڵەوە بە سەلامەتی COVID-19 بەڕێوەدەبەن بگرەبەر.

ئەگەر هەر نیگەرانییەکی تەندروستیت هەیە و پێویستت بە پشتگیری زمانە، پەیوەندی بە **TIS 131 450** بکە و داوای Health Direct بکە بە ژمارە تەلەفۆن: **1800 022 222**.

© NSW Health June 2022.